حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
سەرۆکایەتی دیوان
فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان
بەڕێوبەرایەتی یاسایی

حكومة إقليم كوردستان-العراق
مجلس الوزراء
رئاسه الديوان
دائرة المنظمات غير الحكومية
مديرية القانونية

ژمارە: ٥٣٠٩
رێکەوت: ٢/ / ی کوردی

العدد:
التاريخ: / / ٢٠٢٣

**بۆ/ گشت رێکخراوە ناحکومییەکان**

**بابەت/ پێڕاگەیاندن (تبليغ)**

لەژێر رۆشنایی حوکمەکانی هاتوو لە یاسای رێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١) ساڵی (٢٠١١) و پەیڕەوی ناوخۆی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان لەهەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٤) ساڵی (٢٠١١)، بەمەبەستی رێکخستنی میکانیزمی ئاگادارکردنەوەی فەرمی (تبليغ) بۆ گشت رێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان لەلایەن فەرمانگەکەمان و بەهۆی نەبوونی ناونیشان و ژمارەی پەیوەندی رێکخراوەکان لە دۆسیەکەیان، بە گشت رێکخراوە ناحکومییەکان رادەگەینین:

١- پێویستە گشت رێکخراوەکان لە ماوەی (١٥) پازدە رۆژ زانیاری دروست دەربارەی ژمارەی پەیوەندی رێکخراو یان سەرۆکی رێکخراو و ئیمێڵی رێکخراو و ناونیشانی رێکخراو پێشکەشی فەرمانگەکەمان بکەن جگە لە رێکخراوەکانی تۆمارکراو لە ساڵی (٢٠٢١) یان نوێ تر، بەمەرجێك گۆڕانکاری لە زانیاریەکانیان نەکرابێت.

٢- هەر کاتێك فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان ئاگادارکردنەوەیەك یان هەر بڕیار و بابەتێك لە رێگای ژمارەی پەیوەندی رێکخراو، ئیمێڵی رێکخراو یان ناردنی بۆ بارەگای رێکخراو رابگەینێت (تبليغ) ئەوا رێکخراوی ناوبراو بە راگەیەندراو دادەندرێت، ئەگەر فەرمانگە نەیتوانی بەم رێگایانەی باسمان کردن رێکخراو رابگەینێت ئەوا ئاگادارکردنەوەکە لە سایتی فەرمی فەرمانگە یان پێگەی کۆمەڵایەتی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان لە فەیسبووك یان وەتسئەپ بڵاو دەکاتەوە و رێکخراو بە ئاگادارکراوە هەژمار دەکرێت.

لەگەڵ رێزدا...

**بارزان ئەکرەم مەنتک**
**سەرۆکی فەرمانگەی رێکخراوە ناحکومییەکان**

ناونیشان-هەرێمی کوردستان-عێراق
ئیمەیل: info@krgngo.org
عنوان-إقليم كوردستان-العراق
ژ. تەلەفۆن: ٠٠٩٦٧٥٠٨١١٠٨٠٨
Address-Kurdistan Region-Iraq - Erbil
www.krgngo.org